



## جوانی کەرەستە و ئێکسسوارەک

دیمەنێکی جوانە کاتێك خانمێکی کورد دەبینین، شانازی بە جوانی کوردانەی خۆی دەکات، ئینجا بە هەر شێوەیەك بێ بۆ گوزارشت کردنی ناخی کوردانەی خۆی بە جلوبەرگ یان بە کەرەستە و ئێکسسواری کە مانای کورد ببەخشێ، چەندین لایەن هەن کە گرنگی کورد لە بواری جوانکاری دەردەخەن، لەوانە: کراسی کوردی – ئێکسسواری دەست و شێوەی ئاڵای کوردستان لەسەر سینگ – رەفتەی شێوە و لەسەر هێمای رەنگەکانی ئاڵای کوردستان – ملوانکە و کەرەستەی بچووك کە لە جلوبەرگ دەخرێت،

## هەنگاوەکانی گرنگیدان بە پێستی رووخسار



گرنگیدان بە پێست و جەستە لەلایەن خانمانەوە، جێگەی گرنگی و جوانییە، تەنانەت لە ڕێگەی پێستەوە دەتوانی شێوەی جوانیت دیار بخەی لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕێگەی شیاو، کە جێگەی سەرکەوتن و پاراستنی پێست بێ، لەم ڕێگەیەدا چەندین ئامادەکاری و پاراستنی پێست لە چەند خاڵێکدا لەلایەن پسپۆرانی بواری جوانکاری روون دەکەینەوە کە دەڵێن:

- گرنگی دان بە خەوتن و خەو، یان ئەگەر کاتێکی تایبەتت نەبوو بۆ خەو، هەوڵبدە سەرخەو زوو زووە بکەی، ئەمەش بۆ خاوکردنەوەی خانەکانی پێست بەسوودە و ڕێگەی جوانیت دەگۆڕێ و بەرەو باشتر بوون دەچێ، چاکترە رۆژانە بۆ ماوەی (٧-٨) کاتژمێر بخەوی.

- دوور کەوتنەوە لە تیشکی خۆر بۆ ماوەیەکی زۆر، بە تایبەت لە وەرزی هاوین ناکرێ رووخسار بە ماکیاژ بێ و ئیتر لەبەر هەتاو بوەستی، چونکە ئەمە کاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر پێستت و خانەکان وشك دەکات بەهۆی کارلێکردنی نێوان ماددەکانی ماکیاژ و بەهێزی تیشکی خۆر.

- گرنگی دان بەو جۆرە ماددە و دەرمانەی بۆ پێست دانراوە و کە رێژەی چەوری نێوانیان چۆنە و یان ئەو جۆرە ماکیاژەی بەکاردەهێنی کە لەگەڵ ئاستی رووخسارت گونجاو بێ و کاریگەری خراپی نەبێ.

- کاتێك دەزانی بەرەو شوێنێك دەچی، تووشی تیشکی هەتاو دەبێ، هەوڵبدە لە شوێنی سێبەر بوەستە، یان پێشتر کرێمی دژە هەتاو بەکاربهێنە بۆ پاراستنی رووخسارت.

- زانینی ئاستی هەستیاری رووخسارت یان پێستی دەموچاوت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە خواردنانە بگونجێ کە دەیخۆیت، چونکە هەندێك جار جۆرە خواردنەکان کاریگەریان دەبێ و هۆکارەکەشی روون نابێ.

- گرنگی دان بە پاك راگرتن و پاراستنی پێستی رووخسار بە کرێمی تایبەت بە شەوانە یان بە رۆژ کە ئەو جۆرە ماکیاژە ئەنجام دەدەی، بەرێژەیەکی کەم بیکە، چونکە ماکیاژی زۆریش کاریگەری خراپی هەیە.

- مانەوەی شەوانە تا درەنگانی شەو، وادەکات کە پێستت وشك بێ و ئیتر پەڵە و زیپکە پەیدا بکات، چونکە شەوانە کاریگەری خوێن بۆ سەر پێست زیاتر دەبێ و خەریك بوون وادەکات کە ئەو بڕە خوێنە بە پێست نەگات.

- هەوڵبدە بەیانیان بە ئاوی سارد یان ئاوی شلەتێن دەم و چاوت بشۆی، دوور بکەوە لە ئاوی گەرم، کە کاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر پێست.



## جوانی شوێنی دانیـ

ماڵ پێویستی بە گشت جۆرە کەرەستە و ئامادەکاری دەبێ بۆ دانانی دیکۆرێکی رازاوە و پایە بەرز، ئەمەش دەبێ لە گشت کەرەستەکانەوە بێ و هەر یەکە جوانی خۆی تایبەت و کراوە بێ، بەم جۆرە دەکرێ سوود لە جوانی گشت کەرەستەکانی ماڵ وەربگرین، کە هەر یەکە بە گوێرەی شوێن و کارەکەی گرنگی و جوانی بسەپێنێ بەسەر دیکۆری ماڵ، دانیشتن لە ماڵ ڕێگەیەکی گرنگە بۆ حەسانەوە و یان بوونی شوێنێك بۆ دانیشتن گرنگییەگی ئەوتۆی هەیە، بە تایبەت لە بەلەکۆن و باخچەدا، ئەمەش وەك ژوورێکی بچووکی هاوشێوەی ژووری دانیشتن دەبێ، لەوەش گرنگتر



## ـــانی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان

ئەم هۆکارانەش دیمەنێکی جوان بە جەستەی خانمان دەدات و هێما و جوانییەکی کوردانە بە جەستە و ئێکسسوارەکان دەبەخشێ، مەرج نییە تەنیا لە بۆنە و شـــوێنە تایبەتەکان بێ، دەکرێ ئەو لایەنانەی جوانی کوردســـتان و خانمانـــی کورد دەردەخەن بـــە بەردەوامی و ڕۆژانە لەبەر بکرێن، یەکێك لە جوانترین ئەو ئێکسســـوارانە بریتییە لە ملوانکە کە لەسەر نەخشـــی کوردستان دروســـتکراوە و لە مل دەخرێ یان لە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانە و لەسەر جەستەی خانمان هێمای شانازی و گوزارشتە لە جوانی کوردستان.





## ـــشتن لە دیکۆری ماڵ

بوونی ئەو جۆرە (قەنەفە) یان ئەو (کورسی)یانەیە کە بۆ دانیشتن دادەنرێن، مەرج نییە تەنیا تاخمێك بێ لە قەنەفە و کورسی، بەڵکو دەکرێ کەرەستەی دیکە هاوشـــێوەی قەنەفە هەبـــێ، کە ئەویش وەك دیمەنی قەنەفە وایە و دەکرێ گەشتیاری بێ واتە لە گشـــت شوێنێك دابنرێ، بە تایبەت لە بەلەکۆن و شوێنەکانی دەرەوەی ژووەکانەوە بێ، بەم ڕێگەیە دەتوانن دیمەنێکی ســـەرنجڕاکێش لە شـــوێنێکی تایبـــەت بـــە دانیشـــتن ئامادە بکەن و شـــیاوی مۆدەیەکـــی دیکۆری ماڵ بێ و لە ژێر ســـەقفی ژوورەکانەوە بێنە دەرەوە و لەناو باخچەیەکی خۆش دانشتنێکی خۆش ببەنە سەر.

## ملوانکە بچووکەکان هێمای جوانیت دەبن







ئێکسسوارە جوانەکان هێمایەك دەبن بۆ دەرخستنی جوانیت کە بە گوێرەی شـــێوەی ئێکسسوارکەوە دەبێ، ڕەنگە هەندێك جار تەنیا ئێکسسوارێکی بچووك، جوانییەکی بە پێز و گەورە ببەخشێ، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی ئێکسســـوارەنەکانەوە گرنگی ڕووخســـارت یان ملـــت دەربخەی، زیاتریـــش جوانی ئێکسســـوارەکان دەردەکەون لەوەی جوانی پێســـت دیار بـــێ، هەندێك لە ئێکسسوارەکان دیمەنێکی بچووك و باریکیان هەیە، کە جوانییەکی کارامە و هێمن دەبەخشن، یەکێك لەو ئێکسســـوارانە خۆی دەنوێنێ لە ملوانکەکانی مل، کە شیاوترین ئێکسسوارە بۆ دەرخستنی جوانی جەستە و مل، لەم ڕێگەیەدا جوانی مل شێوەیەکی کراوە و بە پێزی پێوە دیار دەبێ، بە تایبەت ئەگەر جۆرەکەی یان ســـتایلەکەی لەم شـــێوازانەوە بـــێ، جوانترین ســـتایلی ملوانکەش بریتییە لـــە : ملوانکەی باریك، یان ئەو شـــێوەیەی لە خوارەوەیە، بچـــووك و لەناو یەکتر دەبێ، واتە دەبێ شـــێوازی لە جۆرێك بێ کە خۆی لـــە خنجیلانە و بچووکی نیشـــان بدات، چونکە بوونی ملوانکەی شـــێوە گەورە، جوانی جەســـتە و پێســـت ناشـــیاو دەکات و دیمەنەکەی جوان دەرناخات، بـــە تایبەت ئـــەو زنجیرەی کە بەشـــێکی گرنگە لـــە ملوانکە، ئەو شـــێوازە هەڵبژێرە کە دەنکی زنجیرەکە بچووك بن، واتـــە تەنیا لە نزیکەوە دیار بێ، بەڵام پێچەوانەی شێوەی خوارەوە کە ناوەڕۆکـــی ملوانکەکە پێکدێ، واتە زنجیر و شێوەکە پێچەوانە بن لە بچووکی و گەورەیی، لەم ڕێگەیەدا دەتوانین ملوانکەیەکی خنجیلانە و جوان بە ملەوە بکەن و جوانییەکی شایستەش ببەخشێ.


# کوڕە گەنجێک دەتوانێ (٢٢) قاپ خواردن هەڵگرێ



کوڕی کورد بە ئازایی و بوێری ناسـراون، لەگەڵ ئەوەشدا لە کارکردن خـاوەن توانا و هێزێکی بێ هاوتان، گرنگە سـوود لـە توانا و زیرەکی گەنجی خۆمان وەربگرین کە دەتوانن کاری جوان و داهێنانی چاك ئەنجام بدەن، ئەو کوڕە گەنجەی دەیبینن لە یەکێك لە چێشتخانەکانی کوردستان کار دەکات، کە کاری خواردن بردنە بۆ میوانان، توانایەکی سـەیری هەیە کە دەتوانێ ژمارەیەکی زۆر لە قاپ بە خواردنەوە لەسـەر دەسـتەکانی هەڵبگرێ، کە زۆر ئاستەمە کەسـی دیکە کاری لەم جۆرەی پێبکرێ، هەروەك دەبینن تەنیا بە سەفەرێك توانیویەتی (٢٢) قاپ خواردن لەسەر دەستەکانی هەڵبگرێ و بۆ میوانانی ببات، واتە توانیویەتی ئەرکی (١١) کەس ئەنجام بدات کە ئەگەر هەر یەکە (٢) قاپ خواردن هەڵبگرن.

# گەورەترین ماسی جیهان لە عێراقە

ماوەیەك بـەر لە ئێسـتا گەورەترین ماسی کوردستانمان بڵاوکردەوە کە کێشی نزیکـەی (٥٠) کیلۆگـرام دەبوو کە لە ئاوی بەنداوی موسڵ ڕاو کرابوو، کەچی وادیارە وڵاتی عێراقیـش دەیەوێ ناوی بچێتە ناو ناوەکانی جیهان، لەوەی ماسی گەورەی هەبێ، ئەوەی دەیبینن ماسییەکە ئەوەنـدەی گەنجێك دەبـێ، کە لە ئاوی دیجلەوە ڕاو کراوە، درێژی دەگاتە (١٨٠) سـەنتیمەتر، واتە نزیکەی دوو مەترێك، کێشـی (٦٣) کیلۆگرامە و بە تۆڕ ڕاو کراوە، کـە ئەوەندە بەهێز بووە، توانراوە بە دوو تۆڕەوە ڕاو بکرێ، ئەمەش لە شاری موسڵ توانراوە ڕاوی بکەن.




# ڕۆبۆتەکەی کوردستان تەوقەش دەکات!



زۆرن ئەوانـەی بەهرەمەندن لەنـاو کوردا، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانن کاری جوان و سـەیر بەرهەم بهێنن، تەنیا پێویسـتیان بە یارمەتی و کاری تازە دەبێ، ئەوەتا لە شـاری سـلێمانی گەنجێکی کورد توانیویەتی بە کۆمەڵێك کەلوپەل ڕۆبۆتێك دروسـت بکات کە جووڵە دەکات و بە ئاڵای کوردسـتان داپۆشراوە، ئەو کوڕە گەنجە ناوی (کاروان)ـە و تەمەنی (١٩) ساڵە، ئەوەی جێگەی سـەیرە ڕۆبۆتەکە چاوەکانی گڵۆپە و دەڕوات، دەتوانێ قسەش بکا و سەر بجووڵێنێ، ئەمەش هەنگاوێکی تازەیە لە بواری داهێنانی تەکنۆلۆژیا بەنسبەت کوردەوە، ئەوەی جێگەی سـەیرە ڕۆبۆتەکەی کوردستان دەزانێ تەوقەش بکات.

# خاوەن جەستـ

کارە سـەیرەکان بۆ ئەو کەسـانەیە کە خاوەن بەهرەیەکی سەیر و سەمەرن، ئەمەش بە گوێرەی بەهرەکانیانـەوە دەبێ، کەچی هەندێك لە مرۆڤ خاوەن بەهرەی سرووشـتییە وەك ئەو کچ و کوڕە کە دەڵێی جەسـتەیان بێ ئێسقانە، ئەوەی یەکەم ئەو کچە جمناسـتیکەیە کە لە وڵاتی ڕووسـیا دەژی و ناوی (زلاتە)یە و تەمەنی (٢٤) ساڵە، ئەویش بە جەسـتە نەرم و لاستیکەکەی نمایشی سـەیر و جوان ئەنجام دەدات، کە جێگەی گشت کەسـێك دەبێ و جووڵەکانیشـی لە گشت شوێن



# کڵاشی کوردی بۆ خانمانیشه



لەگەڵ هەموو ئەو بەرەو پێشـــچوونانەی گشـــت کایەکانـــی ژیانـــی گرتۆتەوە ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ پێشکەوتن بە شتەکانەوە دیارە، ئەوەتا دەبینین تا ئێستا کڵاش تەنیا لە لایـــەن پیاوان بەکار هاتووە، ڕەنگە جاران لە لایەن ژنانیشـــەوە بەکارهاتبێ، بەڵام هەر هەمان شێوەی پیاوانی بـــووە، بۆیە لە نوێترین داهێناندا کڵاشـــی تایبەت بە ئافرەتان و خانمان دروســـت کرا کـــە لەگەڵ جلی کوردی جوانیەکی بێ وێنە دەبەخشێت، دەکرێ خانمان و ئافرەتی کورد بۆ گەشـــت شوێن و کاتێك بیپۆشن، وەك ئەوەی پێڵاوێك بێ لە بەرهەم و کەلتوری خۆمانەوە وەرگیرابێ.

# ئاخیر زەمانە!

ڕووداوە ســـەیرەکان کاریگـــەری زۆریان هەیە لەســـەر مـــرۆڤ، بەتایبەت ئەوانەی ســـەیر و سەمەرەن و دەبنە مایەی پێکەنین و سەرسوڕمان، وەك ئەوەی لە ڕاگەیاندن وتەیەك هەیە کە دەڵێ: ئەوە گرنگـــە کە پیاوێک گاز لە سەگێك بدات، نەوەك سەگێك گاز لە پیاوێك بدات، لێرەشـــدا ئەو وێنەیە هەمان مانا دەبەخشێ، کە هەردەم بینیومانە گوێدرێژ عارەبانە ڕادەکێشـــێ و مرۆڤ لەســـەر عارەبانەوە دەبێ، کەچـــی وادیارە ئاخیر زەمانـــە و ژیان پێچەوانە بۆتەوە، کە گوێدرێژ لەســـەر عارەبانە درێژ بووە و خاوەنەکەشی عارەبانەکە ڕادەکێشێ.



# مرۆڤیش بە بەنزین کار دەکات!



چیرۆکی ژیانی ئەو پیاوە چینییەی کە ماوەی (٤٢) ســـاڵە بەنزین دەخواتەوە، تا ئێستا بەردەوامە و مانگانە نزیکەی (٤تا ٥) لیتر بەنزین دەخواتەوە، ســـەرەتای ئەو کارەی دەگەڕێتـــەوە بۆ ســـاڵی (١٩٦٩) کە تووشـــی نەخۆشـــییەکی هەستیاری (حساسیە) بووە، زۆر جێگەی کردووە چاك نەبۆتەوە، دواتر ڕۆژێـــك بە هەڵە بەنزینی خواردۆتـــەوە لە جیاتی ئاو، ئیتر بەم جۆرە هەستیارییەکەی کەم بۆتەوە و باشتر بووە، تا ئێستاش کە هەست بە حەساسیە دەکات، بڕێك بەنزین دەخواتەوە و چاکتر دەبێ، ئەو پیاوە ئێستا تەمەنی (٧١) ساڵە و کرێکارە لە بواری کشتوکاڵی، وەك ئۆتۆمبێل بەنزین دەخواتەوە.



# ـــە لاستیکەکان

و کاتێکـــدا ئەنجامی دەدات، ئـــەوەی دووەمیش بریتییە لە (دانایل برۆینگ ســـمس) کە خەڵکی ئەمریکایە دەتوانێت بڕبڕەی پشـــتی بە (١٨٠) پلە بســـوڕێنێتەوە و لە هەمان کاتدا قاچی وەک خۆی لە جێگەی خۆیدا مابێتەوە، ئەنیشـــکی و ئەژنۆشی بە پێچەوانەوە بنوشـــتێنێتەوە، توانای هەیە کە بە ١٥ چرکە ســـەری و دەســـتەکانی و قاچێکـــی ئەکاتە ناو ڕەکتەی تێنسـێکەوە، دەتوانێت بچێتە ناو شوشەیەکی کە ٦٨ لیتر ئاو بگرێت.



# کڵاوێک لە شێوەی گوڵ



مۆدەیەکی جوان و سەیر لە کڵاوە سەیرەکان، کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێکە و دیمەنێکی شایستەی هەیە، تەنانەت شێوەیەك نیشان دەدات کە چۆن ئەو خانمە دەتوانێ بەو کڵاوە لە شێوەی گوڵەوە بچێتە ناو خەڵك یان بجووڵێتەوە و پێش خۆی ببینێ!

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شارۆچکەیەکی کوردستانت بۆ دەربچێ.**

ز ۆ ا خ

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (دۆڵمە)**

## نوکتە




- کابرایەک پێش ئەوەی بمرێت بە رۆمانسیەوە سەیرێکی ژنەکەی دەکات و دەڵێت..
دەزانی تۆ کە لەئیشەکەم دەرکرام پشتت گرتم و لەگەڵمدا بوویت، دەزانیت من کە هەموو پارەکەم زەرەر کرد لە ئیشـــا تۆ هەر لەگەڵما بویت.. دەزانیت کە ماڵەکەم ســـووتا تۆ هەر دڵنەوایت دام و لەگەڵم بویت.. ئەوە ئێستاش نەخۆشم و ئەوەتا هەر لەگەڵمیت.. دەزانیت دەتەوێت چیت پێ بڵێم؟
ژنەکە دەڵێ چی پیاوەکە چی دەڵێی بیڵێ؟
پیاوەکەش دەڵێ: تۆ زۆر شومیت!

* * *


- دوو برادەر لە تاقیکردنەوە دەفتەری تاقیکردنەوەیان بە ســـپی دەدەنە مامۆســـتا، دوای ئەوەی دەردەچن و برادەری یەکەم دەڵێتە ئەوەی دیکە: ئەوە تۆ چیت وەڵام داوەتەوە لە ئیمتحان؟؟
برادەری دووەم دەڵێ: وەڵا وەرەقەکەم بە سپی دایەوە دەست مامۆستا..
برادەری یەکەم: ماڵت ئاوا بێت ئێستا مامۆستا وا دەزانێت لەسەر من نەقڵت کردووە!

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




لەبـــواری ئەڤینداریـــەوە هـــەوڵ دەدەیت پێوەندیەکـــی بەتین و جێگیر ببەســـتیت ئەمەش بەســـوود وەرگرتـــن لەهەڵەکانی رابردووت، بەڵام وا پێویست دەکات زۆر دوو دڵ نەبیت لەهەڵبژاردنی ئەم جارەتدا.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




ئەم ماوەیە زۆر بێتاقەت دەبی و دەکەویتە بیرکردنەوە بێ ئەوەی لەهیچ شتێك دڵنیا بیت، ئەمەش هەمـــووی بەهۆی هاتنی ئەستێرەی مێرکۆرە بۆ بورجەکەت، بۆیە ئاگاداری خۆت بە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



زۆر کەس هەن لەپێشـــەوە ئافەرینت لێ دەکەن، بەڵام لەدواوە سەرزەنشتت دەکەن، بڕوات بەکەســـێك نەبێت کەهانت دەدات بۆ ئەنجامادنی کاری خراپ، پێویستە بەقوڵی بەخۆتدا بچیتەوە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



گەشـــتێکی چەند رۆژیت دێتە پێش. زیاتر بڕوات بەخۆت هەبێت، چونکە راکردن لە واقیع کێشەکانت چارەسەر ناکات، بۆیە پێویستە لەڕووبەڕووبونەوەی نەترسی، لەلایەنی سۆزداریەوە رەنگە بەم زووانە نەگەیت بەئامانجت.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



لـــە پێوەندیەکـــەت لەگـــەڵ هەڤاڵێکی ئازیزت، پێویســـت دەکات گۆڕانکاری لە هەڵســـوکەوتەکانت بکەیت و ئاوا فەرامۆشـــی نەکەیـــت، چونکە ئـــەو زیاد لەپێویســـت بەتۆوە گرێدراوەو تۆی خۆش دەوێ.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



دڵگـــران مەبە کە هاوڕێکـــەت ماوەیەکە بێخەبـــەرە بـــەم نزیکانـــە پێوەندیت پێوە دەکات و رەنگە هەواڵێکی خۆشـــی بۆت هەبێ، لەکۆتایـــی هەفتەدا نامەیەکت پێدەگات کەلەوانەیە ســـوودێکی باشت پێبگەیەنێت.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ئاوێزان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دەرگا بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی (ئا)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی خوارەوە لە ماڵ بە زمانی کەرکوکی)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سروشتییە هەستی پێدەکەی و نایبینی، لە سرووشتدا هەیە)



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەم ماوەیەدا هەندێك كێشـــەو گرفت دێتە سەر ڕێ، بۆیە كەمێك ئارامبەو هەوڵبدە لەبۆچوونەكانـــی ناحەزانت بگەیت، لەم ماوەیەدا لەناكاو بڕوات بە دۆستەكەت پتەو دەبێت.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەبـــواری ســـۆزدارییەوە پێـــش ئەوەی لاپەڕەیەكی نـــوێ هەڵدەیتـــەوە، كۆنەكە دابخە. رووكردنە خەون و خەیاڵ هیچ لەواقیع ناگۆڕێت، بۆیە ئازادبەو بەرەنگاری ناخۆشی و خەم و خەفەتەكانت بەرەوە.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەم ناكۆكیانە كە لەگەڵ كەســـوكارەكەتدا هەتە، پێویســـت بەم هەموو خەم و خەفەتە ناكات، پێویســـتە ئارام و لەســـەر خۆبیت، تاوەكو بتوانیت ژیرانە چارەسەری كێشەكانت بكەیت لەگەڵیان.




## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بارە دەروونییـــە ئاڵۆزەكەت كاریگەرییەكی خراپی دەبێت لەســـەر ئیش و كارەكانت، لەبـــواری ســـۆزداریەوە زۆر لەبیـــری دۆستەكەتدای، چونكە ماوەیەكی زۆرە نەتبینیوە، بەم زووانە بەدیداری شاد دەبیت.




## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی ســـۆزداریەوە لێگەڕێ بادڵت بڕیار بـــدات، نەك عەقڵـــت. لەبواری كاریشەوە سەركەوتنی باش بەدەست دەهێنیت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە كەپێشـــتر بناغەیەكی توندو تۆڵ و ئاسنیت داناوە.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەوڵبدە لەتوندڕەویـــی دووربكەویتەوە و ئاگاداری نا دڵسۆزی و پیلانی یەكێك لە خزمەكانت بە هەرچەندە ترسناكیش نییە، بەڵام پێویســـتە وریا بیـــت و لەخۆڕاییش بڕیار نەدەیت.



ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەیی

## ئاســـۆیی:

١- گۆرانیبێژێكی كوردە خاوەن وێنەكە.
٢- قەڵایەكە لە كوردستان(پ).
٣- دراوێكە – وەكو یەك – پیتێكی E یە(پ) – دوو پیتی روح .
٤- پایتەختی وڵاتێكی ئاســـیایە(پ) – كچە گۆرانیبێژێكی میسرییە.
٥- بۆنێكە (پ) – جمان(ت).
٦- هێز – مۆم – سێ پیتی چارە .
٧- وەكو یـــەك – راهێنـــەری بەرازیل – وەكو یەك.
٨- سەگ – زیندەوەرێكە .
٩- تانك (ت)، زیاد(ت).
١٠- جـــۆرە شـــیرێكە (پ) – چیایەكـــی كوردستانە(پ).
١١- شارێكە لە فەلەستین- وڵاتێكی ئەفریقیە.

## ســـتوونی:

١- رۆمان نووسێكی رووسییە .
٢- وڵاتێكی كوفكاكاف .
٣- وەكـــو یەك – بێ دەنـــگ- پایتەختی وڵاتێكی ئەورووپیە.
٤- خەڵكی بۆسنە– (پ) – شارۆچكەیەكی كوردستانە.
٥- پارێزگایەكی عێراقە – رۆیی .
٦- بۆ – پایتەختی وڵاتێكی ئەورووپیە.
٧- چـــوار پیتـــی شـــریعە – گیانلەبەرێكە(پ).
٨- كچە گۆرانی بێژێكە (پ) – وڵاتێكی كۆنی كوردە (پ).
٩- دۆخێكە(پ) – وڵاتێكی ئەفریقیە(پ) – زاد (ت).
١٠- دۆزەرەوەی ئامێری كامیرا (پ).
١١- یەكەم سەرۆكی میسری بوو.

## مانای شتەکان لە خەون

چەك: لە خەودا ســـەركەوتنە، یان لاچوونی نەخۆشـــییە، ئەگەر یەكێك لە ناو خەڵكێكی زۆری بێ چـــەك دا چەكی هەڵگرتبێ، ئەو كەسە بە گوێرەی چۆنیەتی جۆری چەكەكە دەبێتە ســـەرۆكی ئەو خەڵكـــە، ئەگەر بینی خەڵكی تەماشـــای دەكەن و ئەویش چەكی هەڵگرتووە، ئەو خەڵكە حەســـودی پێ دەبەن، ئەگەر خەڵكەكـــە هەموویان پیر و بە تەمەن بوون ئەوانە دۆســـت و هاوڕێن، ئەگەر گەنج بوون ئەوانە دوژمنـــن، ئەوەی ببینێ چەكی هەڵگرتووەو دەتوانێ بەكاریشی بێنێ، نیاز و مەبەستی بەدی دێت. چەك بۆ نەخۆش مردنە، لەوانەیە چاكســـازی ئایین بێت، ئەگەر ترسی لەگەڵ بێت بۆ نەخۆش چاك بوونەوەیە، ئەگەر سەفەری كردبێت بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە.

**سەرچاوە:خەوننامە!**

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

**بۆ زانینی ئاستی زیرەكی مێشك لەماوەی (٢) خولەكدا چەند خاڵێكی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەكاندا بدۆزەرەوە**

